# ١٢ بەڵگە
# بۆ ئەو موسڵمانانەی کە
# ١٢ی ڕەبیعی یەکەم
# ناودەنێن مەولود
# وە ئاهەنگی تێدادەگێڕن

وەرگێڕانی بەدەستکاریەوە: زریان سەرچناری
پێشەکی و پێداچوونەوەی: عەبدولڕەحمان حسێن پور
٢٠١٠

بِسْمِ اللهِ الرحمنِ الرحيمِ

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَستَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ ونَعُوذُ باللهِ مِن شرُوُرِ أنفسِنا وسَيئَاتِ أعْمَالِنا مَن يَهْدِهِ اللهُ فلا مُضِلَّ لَهُ ومَن يُضْلِلْ فلا هادِيَ لَهُ، وأشْهَدُ أن لاَّ إلَهَ إلاَّ اللهُ وَحدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وأشهَدُ أن مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ. اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وصَحبِهِ.

تێنەفکرین و بیرنەکردنەوە وای لە موسڵمانان کردووە بەبێ ترس لە لێپرسینەوەی خوای گەورە بیدعەت (واتە: شتە زیادکراوەکان بۆ دیین) تێکەڵ بە دیین بکەن، چوونکە هەر موسڵمانێک تۆزێ بیر لە یەکەمین پایەی ئیسلام بکاتەوە زۆر بەباشی بۆی دەردەکەوێت کە هەروەکوو چۆن شایەتیدان بە وشەی پیرۆزی (لَا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ) هەیە و پێناسەی ئەهلی تەوحیدە، هەروەها ئیقرارکردن بە (أشْهَدُ أَن مُحَمَّداً رَسولُ اللهِ) گەورەترین بەڵێن و پەیمانە بۆ دوورکەوتنەوە لە بیدعەت، چوون هیچ کەس بە موسڵمان ناژمێردرێت هەتا ئیقرار بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر محەمەد نەکاتﷺ وە بەو ئیقرارەش هەموو بیدعەتێکی لە خۆی قەدەغەکردووە، چوونکە کاتێک کە ددانی بەوەدا نا کە محەمەدﷺ نێردراوی خوایە دەبێ بزانێت کە پێغەمبەر محەمەدﷺ لەلایەن خواوە جگە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هیچی نەهێناوە و ئیسلامیش بە شەهادەتی قورئان کامڵ بووە و پێویستی بە کاملکردن نییە، بەڵام بەداخەوە هەموو ڕۆژێک زیاتر لە ڕۆژانی ڕابوردوو لەلایەن موسڵمانانی نەشارەزاوە شتی تازەداهێنراوە و تێکەڵ بە دیین کراوە و دەکرێت. یەکێک لەو بیدعەتانە ئاهەنگگێڕانە بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەرمان محەمەدﷺ، کە بەداخەوە لەناو موسڵماناندا بە بەشێک لە دیین چاوی لێ دەکرێت.

سوپاس بۆ خوا زانایانی موسڵمان هەر لە سەرەتای داهێنانی ئەم بیدعەتەوە تا ئێستا بەردەوام موسڵمانانیان لە حەقیقەتی ئەم بیدعەتە ئاگادارکردۆتەوە.

ئەم نامیلکەیەی لەبەردەستانایە لەلایەن برای بەڕێز کاک زریان سەرچناریەوە وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر کوورتە بەڵام کۆمەڵە بەڵگەیەکی جوانی لەخۆگرتووە. هیوادارم خوای گەورە بیکات بەهۆی داچڵەکاندنی کۆمەڵێک لە موسڵمانان.

بۆ زیاتر شارەزابوون لەم بابەتە، بگەڕێنەوە بۆ پەڕتووکی:

**" لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی و زانستییانە دەربارەی:**

**حوکمی یادی مەولود خوێندنەوە و ئاهەنگگێڕان**

**بە بۆنەی لەدایکبوونی باشترینی پێغەمبەرانﷺ"**

ئامادەکردنی مامۆستا: عەبدولغەفور عەبدوڵڵاساڵەح

وَصَلى اللهُ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وصَحبِهِ.

عەبدولڕەحمان حسێن پور

یەکەمی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٤٣١ی کۆچی

بِسْمِ اللهِ الرحمنِ الرحيمِ

سەرەتا سوپاس و ستایش بۆ خوای جیهانەکان، وە درووود و سەلام لەسەر پێغەمبەرمان محەمەد کە بەرێزترین درووستکراوێتی، خوێنەرانی بەرێز! ئەمە چەند(بەڵگە)یەکە بۆ ئەو موسڵمانانەی کە بەبۆنەی لەدایکبوونی باشترین پێغەمبەرەوەﷺ ئاهەنگ دەگێڕن، داواکارم لە خوای گەورە کە سوودی لێببینن:

## بەڵگەی یەکەم

**١- - پێغەمبەری خواﷺ خۆشی فەرمانی پێکراوە کە شوێن شەرعی خوا بکەوێت:**

لە ڕاستیدا خوای گەورە فەرمانی کردووە بە پێغەمبەرەکەیﷺ تەنیا شوێن ئەو شەریعەتە بکەوێت کە خۆی بۆی ناردووە، وە بە هیچ جۆرێک نەکەوێتە شوێن ویست و بۆچوونی خۆی یان هەواوهەوەسی کەسانی تر، وەک لە قورئانی پیرۆزدا پێی دەفەرموێت: [ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ](١)

واتا: دواجار تۆمان خستە سەر ڕێگەوشوێنێک لەم ئایینە؛ شوێنی بکەوە و شوێن ئارەزووی ئەو نەزانانە مەکەوە.

کەواتە بە پێی ئەم ئایەتە و چەندین ئایەتی تریش کە هاومانای ئەون، سەرجەم خواپەرستیەکان (تَوقيفي) ن، بەو واتایەی کە جێگەی چاکسازییان تێدانابێتەوە و بەبیر و بۆچوونی هیچ کەسێک دەستکاری ناکرێت، بەڵکوو خواپەرستی پێویستە تەنیا بە گوێرەی ئەو شەریعەتە بێت کە خوای گەورە خۆی بۆی داناوین، هەر بۆیە خوای گەورە لە چەندین شوێندا فەرمان دەکات تەنانەت بە پێغەمبەرەکەشیﷺ، کە شوێن شەریعەت و وەحی خوایی بکەوێت، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ئەی موحەمەد پێیان بڵێ: [إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ](٢)

واتا: من هەر ئەوەندەم لەسەرە پەیڕەوی ئەو فەرمانەبم کە پێم ڕادەگەیەنرێت.

لە ڕۆشنایی ئەم ئایەتانەوە سەرجەم زانایان بۆچوونیان وایە کە پەرستنەکان دەبێت بە شێوەی (شوێنکەوتن) بن، نەک (داهێنان). واتا: (الإتِّباع لا الإبْتِداع).

---

[١] الجاثية ١٨

[٢] الاحقاف٩

## بەڵگەی دووەم

**٢-خوای گەورە ناردنی پێغەمبەرﷺ بە نیعمەت دادەنێت نەک لەدایکبوونی:**

ئەگەر بە جوانی وردببینەوە لە قورئانی پیرۆز، دەبینین خوای گەورە بەندەکانی خۆی بەوە منەتبارکردووە کە پێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆ ناردون، نەک منەتباریان بکات بە لەدایکبوونەکەی. خوای گەورە دەفەرموێت: [لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولاً مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلالٍ مُبِينٍ](١)

واتا: باوەڕداران بەرمنەتی چاکەی خوان؛ کە یەکێک هەر لە خۆیانی ناردووە پێغەمبەریان بێت؛ نیشانەکانی خوایان بەسەردا دەخوێنێتەوە و بە پاکژی ڕایان دەگرێ و لە پەڕتووک و کارزانیدا ڕایان دێنێ؛ کە دەپێشدا هیچیان لە هیچ نەدەزانی.

## بەڵگەی سێیەم

**٣- - پێشینە باشەکانمان ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەریانﷺ بە ڕۆژێکی ئاسایی چاولێکردوە:**

پێشینە چاکەکانمان (السلف الصالح) هەرگیز نەچوون لە ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەرداﷺ، خواپەرستی و کاری خێری تایبەتی ئەنجام بدەن، بەڵکوو هەروەک ڕۆژە ئاساییەکانی تر تەماشایان کردووە، ئەگەر کارێکی وایان بکردایە ئەوا بێگومان پێمان دەگەیشت و لێیان نەدەشاردینەوە، هەمووومان دەزانین کە پێشینەکانمان (ئەسحابە و شوێنکەوتووانیان) زیاترین خۆشەویستی و بەگەورەدانان و شوێنکەوتنیان هەبووە بۆ پێغەمبەرمانﷺ.

زانای پایە بەرز (أبو عبدالله الحفار المالكي "**٨١١ک**") دەفەرموێت: (وەک دەزانن کە ڕۆژی هەینی باشترین ڕۆژە لە هەفتەدا، وە باشترین خواپەرستیش کە لە ڕۆژدا ئەنجام بدرێت بەڕۆژوو بوونە، کەچی پێغەمبەرمانﷺ لێی قەدەغە کردوین کە ڕۆژانی هەینی بە ڕۆژوو ببین، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە نابێت هیچ پەرستنێک دابهێنین و پەیوەستی بکەین بەکات و شوێنێکی تایبەتیەوە ئەگەر لە شەرعدا نەهاتبێت، ئیتر هەر پەرستنێک لە شەرعدا نەهاتبوو نابێت لە خۆمانەوە ئەنجامی بدەین، چوونکە کۆتایی ئەم ئومەتە ناتوانن شتێکی وا بهێنن ئاراوە کە لە سەرەتاکەی باشتربێت... کەواتە (والخيرُ كُلُّهُ في إتِّباعِ السَّلَفِ الصّالِح). باشە و خێر لەوەدایە کە لە ڕێگەی پێشینە چاکەکانەوە بڕۆین. (٢)

---

[1] آل عمران: ١٦٤

[2] (المعيار المعرب ٧ / ٩٩)

## بەڵگەی چوارەم

**٤- بۆچی ڕۆژی دوانزەی ڕەبیعی یەکەم نەکرا بە سەرەتای ساڵی کۆچی؟**

ئەگەر تەماشـای زانسـتی خەلـیفەی بەڕێـز (عُمَری کـوڕی خَطّاب) بکەیـن ئینجـا تێدەگەین بـۆچی کاتێـک کە مێژووی ئیسـلامی دەستنیشـان کـرد، هەسـتا کـۆچ کردنـی پێغەمـبەری کـرد بە سـەرەتای مێـژووﷺ، نەک لاسـایی گاورەکـان بکـاتەوە و لە دایکبوونی پێغەمبەرﷺ بکات بە سەرەتای مێژووی ئیسـلام. چوونکە کۆچ کردنەکەی سەرەتایەک بـوو بۆ سەرکەوتنی دینەکەی، ئایا دەزانیت بۆچی ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری نەکرد بە سەرەتای مێژووی ئیسلامﷺ؟ لەبەر ئەوەی کە ڕاستییە پڕواتاکان بخاتە پێش هەندێک بۆنەی لاوەکییەوە.

## بەڵگەی پێنجەم

**٥- - یادکردنەوەی لەدایکبوونی پێغەمبەرﷺ بیدعەتێکە کە شیعەکان دایان هێناوە.**

موسڵمانی خۆشەویست! بزانە یەکەم کەس کە ئاهەنگی مەولودی پێغەمبەریان داهێناﷺ، خەلیفە (فاطمیة) کان بوون لە شاری قاهیرە کە لەسـەدەی چوارەمی کۆچیدا بـوو، نەک هەر بەتەنیـا لەدایکبـوونی پێغەمبەرمـانﷺ، بەڵکـوو شـەش یادیـان داهێنـا: لەدایکبوونی پێغەمبەرﷺ، لەدایکبوونی ئیمامی عەلی و فاطیمە و حەسەن و حسێن وە یادی لەدایکبوونی خەلیفەی سەردەمی خۆیان، ئیتر ئەم بیدعەیە لە ناو موسڵماناندا مـایەوە تـاکوو (الأَفْضَلِی کـوڕی أَمِيْر الجُيُوْش "**٥١٥ك**") بـووە مـایەی نەهێشـتن و لەبیـر بردنەوەی لە نـاو خەڵکدا، تـا ئەوکـاتەی لە سـاڵی (**٥٢٤ك**) دا دووبـارە لەسـەر دەسـتی فەرمـانڕەوا ("الحاكم بأمر الله" الخليفة الفاطمي حكم مصر من ٣٨٦ إلى ٤١١ هـ) تەشـەنەی کـردەوە، لە کاتێکدا خەریک بوو بەتەواوەتی لەبیر خەڵک بچێتەوە.

کەواتە بەگـوێرەی ئەم مێـژووە، ئـوممەتی ئیسـلام بە هـیچ شـێوەیەک یـادی مەولودیان نەکردۆتەوە تاوەکوو کاتی هاتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی فاتمیەکان، جا ئایا ئەو (فاطمی)یانە کە شیعە مەزهەبیش بوون، پێویست دەکات ئێمە شوێنیان بکەوین و لاسـاییان بکەیـنەوە، وە ئەوەی ئەوان دایانهێنا لە خۆمـان و لە خەڵکیشـی بکەیـن بە دین؟ یاخود ئەوەندە پیرۆزبکرێت، تاکوو هەندێک لە موسڵمانانی ئەمڕۆ دەڵێن: شـەوی لەدایکبوونی پێغەمبەرﷺ لە شەوی قەدریش بەڕێزترە!

# بەڵگەی شەشەم

**٦- - بەڵگەیەکی ڕاست بەدەستەوە نییە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری ئیسلامﷺ لە دوانزەی ڕەبیعی یەکەمدا لە دایک بوبێت:**

ئاهەنگگێڕی بەڕێز! ئایا دەزانیت کە مێژونووسان جیاوازیان هەیە لە دەستنیشان کردنی ئەو مانگەی کە پێغەمبەرمانی تێدا لەدایک بووەﷺ؟ هەندێکیان دەڵێن: لە مانگی (ڕەمەزان)دا لەدایک بووە، بەڵام زۆرینەیان لەسەر ئەو بۆچوونەن کە لەمانگی (ڕەبیعی یەکەم)دا لەدایک بوبێت، پاشان ئەمانیش ناکۆکییان هەیە لەسەر دەستنیشان کردنی ڕۆژی لەدایکبوونەکەی!.

بۆیە وتراوە (٢)ی ڕەبیعی یەکەم لەدایکبووە ئەمەش وتەی (إِبنُ عَبْد البَّر)ە.

وە یان (٨)ی مانگ لەدایکبووە ئەم مێژووە (إِبنُ حَزْم) بە سەحیحی داناوە و زۆربەی ئەهلی حەدیس لەسەر ئەم بۆچوونەن.

وە وتراویشە ڕۆژی (٩)ی مانگ لەدایکبووە ئەمەش (أبوالحَسَن ى نَدَوي) و (كَوثَري) بە ڕاستیان داناوە.

وە وتراوە (١٢)ی مانگ لەدایکبووە، ئەمەش (إِبنُ إِسْحاق) باسی کردووە.

وە وتراویشە (١٧)ی مانگ یان (١٩)ی مانگ لەدایکبووە ... .

ئەم جیاوازیەش کە شەش ڕێکەوتی جیاوازە تەنیا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەسحابەکان سوورنەبوون لەسەر دەستنیشانکردنی ڕێکەوتی لەدایکبوونی پێغەمبەر و گەیاندنی پێمانﷺ، جا ئەگەر ئەو ڕۆژە ئاهەنگ و پەرستنی تایبەتی تێدا بکرایە، ئەوا زۆر بەجوانی پێمان دەگەیشت بەبێ جیاوازی، وە لەدایکبوونی پێغەمبەریانﷺ زۆر بەوردی دیاری دەکرد. چوونکە دەبوو بە بەشێک لەدینەکەمان، وەکوو دیاری کردنی ڕۆژە پیرۆزەکانی تر.

سەیر لەوەدایە کە جارانیش هەندێک لە فەرمانڕەواکانی (ئەربیل) واتا هەولێری ئێستا، ساڵێک لە (٨) و ساڵێک لە (١٢) ی ڕەبیعی یەکەمدا ئاهەنگی مەولودیان دەگێڕا، چوونکە خۆشیان دڵنیا نەبوون لە ڕۆژی لەدایکبوونەکەی. (١)

---

[1] بۆ زیاتر ئاشنابون بەم باسانە بڕوانە" إِبْنُ خَلَكان ١ / ٤٣٧"

## بەڵگەی حەوتەم

**٧- پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕەبیعی یەکەمدا کۆچی دوایی کردووە ئەگەر یادکردنەوە شەرعی بێت ئەوا ئەو مانگە مانگی خۆشی و ئاهەنگە هەم مانگی دڵتەنگی و ماتەمە:**

ئەگەر بڵێن باشە با وابێت (١٢)ی ڕەبیعی یەکەم لەدایکبوونی پێغەمبەرمانە ﷺ ئەوا کتومت ئەو مێژووە دەکات کە تیایدا وەفاتیشی کردووە (ڕۆژی دووشەممە ١٢ ی ڕەبیعی یەکەم)ئیتر دڵخۆشی و شادی و ئاهەنگگێڕان لە پێشتر نییە لە خەفەت و بێ تاقەتی دەربڕین، لە ڕابوردوشدا زۆرێک لە زانایان موسڵمانانیان لەم ڕاستییە ئاگادارکردۆتەوە، وەک ئیمامی (تَاجُ الدِّينِ الْفَاكِهَانِيّ "**٧٣٤ ک**") وە (ابْنُ الْحَاجِّ الْمَالِكِيّ " **٧٣٧ ک**") خاوەنی پەڕتووکی (الْمَدْخَل) کە دەفەرموێت: (زۆرزۆر جێگەی سەرسوڕمانە، کە موسڵمانان لەم مانگەدا یادی لەدایک بوونی پێغەمبەر ﷺ دەکەنەوە بە گۆرانی و خۆشی و شادی دەربڕین وەک لە پێشەوە باسمانکرد، چوونکە لە ڕاستیدا پێغەمبەری مەزن ﷺ لە هەمان مانگدا وەفاتی کردووە و گەڕاوەتەوە بۆلای خوای خۆی، بە وەفاتکردنەکەشی ئوممەتی ئیسلام توشی ناخۆشی و ناڕەحەتییەکی وا گەورەبووە، کە هیچ مەینەتییەک بە ئەندازەی وەفات کردنەکەی کاریگەر نەبووە لەسەریان، بۆیە لەم مانگەدا پێویستە زیاتر فرمێسک بە چاوەکانماندا بێتە خوارەوە و دڵگران بین بە ڕووداوی وەفاتی پێغەمبەرمان ﷺ کەچی تەماشا دەکەیت لەم مانگە پیرۆزەدا موسڵمانان چۆن خۆشی و شادی دەردەبڕن و یاری و مەزاق دەکەن.) (١)

---

[1] (مدخل الشرع الشريف ٢ / ١٦). (وەرگێڕ: جا برای بەڕێزم هەرکەسمان بینیوە کە یادی لەدایکبوونی بۆ منداڵ یان خۆشەویستانی خۆی کردبێت، ئەمە تەنها لە کاتێکدا بووە کە لە ژیاندا ماوە، بەڵام لە دوای مردنیان نەمانبینیوە یادی لەدایکبوونی بۆ بکات، بەڵکوو ساڵیادی کوچکردن و یادی ماتەمینی بۆ گێڕاوە، دەی موسوڵمانان پەند وەرگرن!).

(مامۆستا عبد الرحمن/ مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە کە خەڵکی وادەکەن نەک شەرعی و ڕەوا بێت، چونکە لە شەریعەتی خوادا ساڵیادی لەدایکبون و کۆچکردن هیچیان ڕێگەپێدراو نین..).

## بەڵگە هەشتەم

**٨- ئاهەنگ گێڕان بۆ لەدایکبوونی پێغەمبەرﷺ چاولێکەرییە بۆ گاورەکان:**

شتێک جێگای تێڕامانە، ئەویش ئەوەیە کە ئاهەنگی مەولودی پێغەمبەرﷺ زیاتر لەو وڵاتانەدا سەریهەڵداوە کە موسڵمانان هاوسێ بوون لەگەڵ گاورەکاندا، بۆ نموونە سوریا و میسر، ئیتر چوونکە گاورەکان ساڵانە ئاهەنگی یادی لەدایکبوونی (عیسا υ) دەکەنەوە، یان ساڵانە لە ڕۆژی لەدایکبوونی ئەندامانی خێزانەکانیان ئاهەنگ دەگێڕن، ئەمەش بووەتە هۆی خێرا بڵاوبوونەوەی ئاهەنگی مەولود لە نێوان موسڵمانانیشدا.

ئەم بۆچوونەش (الحافظ مُحَمَّدُ شَمْسُ الدِّينِ السَّخَاوِي الشافعي "**٩٠٢ک**") پشتگیری لێکردووەو وتوویەتی: (وَإِذا كانَ أَهلُ الصَّلِيبِ اتَّخَذوا لَيلةَ مَولِدَ نَبِيِّهِمْ عِيدًا أَكْبَر، فَأَهْلُ الإِسْلامِ أَوْلى بِالتّكرِيمِ وَأجْدَرْ) !!

واتا: ئەگەر خاچپەرستەکان شەوی لە دایکبوونی پێغەمبەرەکەیان کردووە بەو ئاهەنگە گەورەیە، ئەوا موسڵمانان لە پێشترن کە ئەو ڕێزە بنێن لە پێغەمبەرەکەیان.

ئەم وتەیەشی لە لایەن (الْمُلَّا عَلِيٌّ الْقَارِيّ "**١٠١٤ک**") دوە بەرپەرچ دراوەتەوە بەوەی کە دەڵێت: (قُلْتُ: مِمّا يَرُدّ عَلَيهِ إنّا مَأمُورونَ بِمُخالَفةِ أَهْلِ الكِتابِ.)

واتا: دەڵێم ئەوەی بەرپەرچی ئەم وتەیەی پێ دەدرێتەوە ئەوەیە کە ئێمە فەرمانمان پێکراوە پێچەوانەی گاور و جولەکەکان بکەین. (١)

[1] المورد الروي في المولد النبوي/٢٩

## بەڵگەی نۆیەم

**٩- ئاهەنگ گێڕان بۆ لەدایكبوونی پێغەمبەرﷺ بەڵگەی خۆشەویستی پێغەمبەرﷺ نییە:**

خۆشەویستی دەربڕین بۆ پێغەمبەرﷺ بە ئاهەنگ گێڕان نایەتەدی، بەڵكوو بە كاركردن بە سوننەتەكانی دێتەدی، وە پێشخستنی وتەكانی بەسەر هەموو وتەیەكدا و بەرپەرچ نەدانەوەی حەدیسەكانی، وە پێویستە ئەوەیش بزانین كە پێغەمبەرمانﷺ خۆی و هاوەڵەكانیشی دینداریان بە شێوەیەك كردووە كە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی یادی لەدایكبوونی تێدانەبووە، كەواتە ئێمەش هەر ئەو دینداریەمان بەسە كە پێغەمبەر و هاوەڵەكانی كردویانەﷺ.

وە كە خوای گەورە دەفەرموێت: [فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا] یونس ٥٨ دڵخۆشبوون بە پێغەمبەرﷺ پەیوەست نییە بە تەنیا ڕۆژێكەوە، بەڵكوو پێویستە موسڵمان لە هەموو ساتێك لە ساتەكانی ژیانیدا دڵخۆش بێت بە پێغەمبەرەكەیﷺ وە گوێڕایەڵ بێت بۆ فەرمانەكانی و دوركەوێتەوە لەو شتانەی كە ڕێگریی لێكردووە، وە ملكەچ بێت بۆ سەرجەم یاسا و شەریعەتەكەی كە لەلایەن خوای گەورەوە هێناویەتی، كەواتە دڵخۆشی دەربڕین لە یەك ڕۆژدا كۆنابێتەوە، بەڵكوو با هەوڵ بدەین هەموو ڕۆژێك سوننەتێكی تازە لەسوننەتەكانی فێرببین و زیاتر پابەندی فەرمانەكانی ببین و بەندایەتی بۆ خوای گەورە ئەنجام بدەین، هەتاكوو بە پشتیوانی خوا، لاوازیمان بگۆڕێت بە بەهێزی، وە زیاتر یاساكانی بیروباوەڕەكەمان و بنەماكانی ئیسلام لە ناخماندا بچەسپێنین.

## بەڵگەی دەیەم

**١٠- لە زۆربەی ئاهەنگ گێڕانەکاندا زیادەڕەوی لە مەدحی پێغەمبەردا ﷺ دەکرێت:**

ئاهەنگگێڕی بەڕێز، موسڵمانی ئازیز! بۆ زانیاریت پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت: (لَاَ تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتْ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدُهُ فَقُولُوا عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ.)(١)

واتا: من هەڵمەنێن وەک چۆن گاورەکان کوڕەکەی مەریەمیان هەڵنا، من بەندەیەکی خوام، تەنیا پێم بڵێن: بەندە و نێردراوی خوا.

بەڵام زۆربەی ئەو ئاهەنگی مەولودانە پڕن لە زیادەڕەوی و پیاهەڵدانی ناشەرعی بەسەر پێغەمبەردا ﷺ، تەنانەت هەندێک لەوانەی کە خۆشیان پشتگیری ئاهەنگی لەدایکبوون دەکەن دانیان بەم ڕاستییەدا ناوە و دەڵێن: کە جاری واهەیە وتەکانیان دەگاتە پلەی کوفریش!

بەتایبەتی کاتێک ئەوانەی دەربارەی ئاهەنگی مەولود شت دەنووسن بەبێ ترس فەرموودە هەڵدەبەستن بەدەم پێغەمبەری خواوە ﷺ، بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەم وتەیەمان ئەوەتا (عبد الله الغماري) کە یەکێکە لە گەورەکانیان لەم سەردەمەدا دەڵێت: (ئەو پەڕتووکانەی کە دەربارەی مەولود نووسراون پڕن لە فەرمودەی هەڵبەستراو، کە ئەو فەرمودانە بوونەتە بیروباوەڕێکی ڕاستەقینە لەلای زۆرینەی خەڵک، هیوادارم خوای گەورە یارمەتیم بدات بۆ نووسینی پەڕتووکێک دەربارەی مەولودی پێغەمبەر ﷺ کە دووربێت لە دوو شت، **یەکەم:** فەرمووده درۆ و هەڵبەستراوەکان بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ، **دووەم:** هۆنینەوە و ڕێکخستنی نادرووست و نابەجێ، وە مەبەستم لەوەیە کە پیاهەڵدانی بێ سنوور نەخوازراوە، چوونکە خوای گەورە دەفەرموێت: [لاتَغْلُوا فِي دِينِكُمْ] (النساء١٧١) واتا: زیادەڕەوی مەکەن لە دینەکەتاندا.

هەروەها مەدحکردنی پێغەمبەر ﷺ بە وەسف و سەنایەک کە تیایدا نەبێت ئەوا دەبێت بە هەڵبەستنی درۆ بۆی، کەواتە ئەو هەڕەشەیەی پێغەمبەر ﷺ دەیگرێتەوە کە دەفەرموێت: (مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنْ النَّارِ)(٢)

واتا: هەرکەس بە ئارەزووی خۆی درۆم بەدەمەوەبکات ئەوا با شوێنی خۆی خۆشبکات لە ناو ئاگری دۆزەخدا.

---

[١] البخاري

[٢] مسلم

وە فەزڵ و باشــەکانی پێغەمــبەرﷺ نابێـت تـێکەڵ بکرێـت بە ڕیـوایەتی لاواز و هاوشــێوەکانیان، چــوونکە پەیوەنــدی بە خــاوەنی شــەریعەتەکەمان و پێغەمــبەری ئوممەتەکەمــانەوە هەیەﷺ، کە هەر خــۆی درۆدانەپــاڵی لــێ حەرام کــردوین و بە تاوانەگەورەکانی داناوە، تەنانەت (أَبُو مُحَمَّدی الْجُوَيْنِيُّ الشافعي باوکی ئیمامی حَرَمَین"**٤٣٨ک** ") وتوویەتی: هەرکەس درۆ بەدەم پێغەمبەری خواوەﷺ بکات پێی کافر دەبێت.

بــۆیە ئەو پەڕتووکــانەی کە دەربــارەی مەولــود و ڕوداوی ئیســرا و میعــراج نووسراون و پڕن لە زیادەڕەوی و شتی بێ بنەما پێویستە بسوتێنرێن، لەبەر ئەوەی نووسەر و خوێنەرانیشی نەسوتێنرێن لە ئاگری جەهەنەمدا، خوا پەنامان بدات.) (١)

ئیتر ئەوەش بووە بە باو، لەناو خەڵکدا کە ئاهەنگی مەولود کۆتایی دەهێنن بە هەندێک دەستەواژەی داهێنراو، و داوای یارمەتی و پەناگرتن پێی کە دەبنە شیرک و هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە، ئێمەش دەڵێین: لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ.

[١] من نقده لبردة البوصيري ص ٧٥

# بەڵگەی یازدەیەم

**١١- ئاهەنگی یادکردنەوەی مەولود کۆمەڵێک خراپەی لە خۆی گرتووە:**

لە خراپەکانی ئاهەنگی مەولود کە بە داخەوە لەناو موسڵماناندا باوە: ئەوانەی کە ئاهەنگی یادی مەولود دەگێڕن، بەو کەسانەی کە لەسوننەت تێگەیشتوون و ئەو کارە ناکەن دەڵێن: ئەمانە خۆشەویستییان نییە بۆ پێغەمبەرﷺ!! ئەوەیان لەبیرنییە یان لەبیرخۆیانی دەبەنەوە کە خۆشویستنی پێغەمبەرﷺ بە شوێنکەوتنی دەبێت نەک بە داهێنانی شتی تازە بۆ دینەکەی، وە نەک بەو هەڵسوکەوتە سەیروسەمەرانەی کە لە ئاهەنگی یادی مەولوددا دەکرێت وەک: کوژانەوەی یان کەم کردنەوەی ڕۆشنایی و سەربادان و شان هەڵتەکاندن و سروود و گۆرانی و لەم بابەتانە...

وە جگە لەوەش زیکر و ویردی هەڵبەستراو و چیرۆکی ناڕاست، بۆیە (الشيخ علي محفوظ الأزهري المصري الشافعي "**١٣٦١ك**") دەفەرموێت: (فِيها إِسرافٌ وتَبْذِيرٌ لِلأموالِ، وإِضاعة لِلأَوقاتِ فِيما لا فائِدَةَ مِنْهُ ولا خَير فِيه.)

واتا: لە ئاهەنگی مەولود گێڕاندا ئیسراف و پارە بە فیڕۆدانی تێدایە، وە کات کوشتنی تیایە بەشتی بێسوود و بێخێرەوە. (١)

وە ئەگەر وامان دانا کە ئاهەنگی مەولود (مُباح )یش بێت واتا: ڕێپێدراوبێت لە شەرعدا، ئەوا ئێمە یاسایەکی شەرعیمان هەیە کە دەفەرموێت: (المباح إذا أدّى إلى محرّم، فإنّه يحرم من باب سدّ الذرائعِ).

واتا: ئەو بابەتانەی کە لە شەرعدا موباح و ڕێپێدراون، ئەگەر بوونەهۆیەک بۆ کەوتنەناو حەرامەوە، ئەوا خۆشیان حەرام دەکرێن چوونکە دەبنە هۆی کردنەوەی دەرگایەک لەسەر حەرام کراوەکان. (٢)

---

[١] الإبداع / ٣٢٤

[٢] وەرگێڕ / وە کاتێک خێر و قوربانی دەکەن لە بری ناوی (الله) لێهێنان دەڵێن: لە ڕێی خوا و مەولودی پێغەمبەرﷺ، کە ئەمەش شیرک و هاوەڵدانانێکی ئاشکرایە، ئیتر چۆن ئاهەنگی مەولود ڕێگە پێدراوە؟ کە ئەو هەموو خراپەیەی لەخۆ گرتووە.

## بەڵگەی دوازدەیەم

**١٢- - هەموو موسڵمانان تەنانەت ئاهەنگ گێڕەکانیش ئەو یادکردنەوەیە بە بیدعەت دائەنێن:**

لە ڕاستی دا سەرجەم موسڵمانان یەک ڕان لەسەر ئەوەی کە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی مەولودەوە بیدعەیە، بەڵام لەوەدا جیاوازن کە ئایا بیدعەیەکی باشە یان بیدعەیەکی خراپە! بۆیە هەندێکیان وەک (ابن حجر والسيوطي والسخاوي) جگە لەوانیش، بە باشیان زانیوە، لەبەر بەدەستهێنانی هەندێک سوود و قازانج کە بەگومانی خۆیان دێتەدی!

بەڵام زانا لێکۆڵەرەوەکان لە کۆن و نوێدا، فەتوای حەرام بوونی ئاهەنگی مەولودیان داوە، بەو بەڵگە شەرعیانەی کە لەزیانەکانی بیدعە و زیادکردنی شت بۆ دینەکەمان ئاگادارمان دەکەنەوە، وەکوو زانراویشە جەژن و شادی دەربڕین تیایدا بەشێکە لە کاروباری ئایینی، بۆیە ئەو زانایانە ڕێگریان کردووە لە کردنەوەی دەرگای خراپەیەکی بەرجەستە و دیار، نەک چاو بڕینە سوودێکی نادیار، چوونکە کاڵای بەدەست هێنانی ئەو سوودە نادیارە، کردەوەیەکە کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی و شوێنکەوتووانیان لە چەندین سەدەی سەرەتادا نەیان کردووە، وە هەروەها پێغەمبەرمانﷺ هەرگیز جیاوازی نەکردووە لە نێوانی بیدعەی باش و بیدعەی خراپ، بەڵکوو فەرموویەتی: (إِنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ) واتا: بەڕاستی سەرجەم بیدعەکان گومڕایین .

ئیتر نازانین چۆن هەندێکەس لەبەر ڕای گشتی بەرپەرچی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرمانﷺ دەدەنەوە و دەڵێن: وانییە، هەندێک بیدعە گومڕایی نیین!

بۆیە ئیمامی (مالِك ی کوڕی أَنَس"**١٧٩ک**" ) فەرمویەتی: (مَنْ إِبْتَدَعَ فِي الإِسْلامِ بِدْعةً يَراها حَسَنَةً، فَقَدْ زَعَمَ أَنَّ مُحَمَّدًاﷺ خانَ الرِّسالَةَ !! لِأَنَّ اللهَ يَقُولُ "الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ" فَما لَمْ يَكُنْ يَومَئِذٍ دِينًا فَلا يَكُونُ اليَومَ دِينًا.)(١)

واتا: هەرکەسێک بیدعەیەک بۆ ئەم ئیسلامە زیاد بکات و وابزانێت کە ئەو بیدعەیە باشە، ئەوا پێی وایە کە محەمەدﷺ خیانەتی کردووە لە پەیامەکەی خوا، چوونکە خوای گەورە دەفەرموێت: [وا لەمڕۆوە دیینەکەتانم تەواو کرد] بۆیە ئەوەی کە ئەوسا دیین نەبوبێت، ئەمڕۆ نابێت بە دیین بۆمان).

---

[١] الاعتصام للشاطبي الاعتصام للشاطبي

## **هەندێک لەو زانایانەی کە فەتوای حەرامێتی ئاهەنگی مەولودیان داوە و بە بیدعەیان زانیوە:**

١- شێخی ئیسلام (إبنُ تَيْمِية"**٧٢٨ک**") ڕەحمەتی خوای لێبێت، لە پەڕتووکی (إقتضاء الصراط المستقيم) دا دەڵێت: هەندێک لە خەڵک دایان هێناوە.

٢- ئیمام (أبوحفص تَاجُ الدِّينِ الْفَاكِهَانِيّ "**٧٣٤ ک**")ڕەحمەتی خوای لێبێت، وتویەتی ئاهەنگی مەولود بیدعەیە و پەڕتووکێکی سەربەخۆی دەربارەی حەرامێتی مەولود نووسیوە.

٣- ئیمامی (شاطبي"**٧٩٠ک**") ڕەحمەتی خوای لێبێت وتویەتی: کە ئاهەنگی مەولودی پێغەمبەرﷺ بیدعەیە. لە پەڕتووکی (الاعتصام) دا باسی هەندێک لە جۆرەکانی بیدعەی کردووە، وە ئاهەنگی یادی مەولودیشی بە یەکێک لە بیدعەکان ژماردووە، پاشان بە خراپی داناوە.

٤- زانای پایەبەرز (ابْنُ الْحَاجِّ الْمَالِكِيِّ " **٧٣٧ ک**") ڕەحمەتی خوای لێبێت، لە پەڕتووکی (الْمَدخَل) دا ئاهەنگی مەولودی بە بیدعە ناوبردووە.

٥- بەڕێز ئیمامی (الشَوكاني"**١٢٥٠ک**") ڕەحمەتی خوای لێبێت، فەرموویەتی موسڵمانان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە خوێندنەوەی مەولود بیدعەیە.

٦- زانا (محمد عبد السلام خضر الشقيري) لە پەڕتووکی (السنن والمبتدعات) دا دەڵێت: ئاهەنگ گێڕان بەو بۆنەیەوە بیدعەیەکی خراپە و گومڕاییە.

٧- زانای پایە بەرزی هیند (أبوطيب شمس الحق العظيم آبادي"**١٣٢٩ک**") وتویەتی کە ئاهەنگی مەولود بیدعەیە.

٨- هەروەها مامۆستا بەڕێزەکەشی (بَشير الدين قِنَّوجِي) کە پەڕتووکێکی سەربەخۆی لەو بارەیەوە نووسیوە بە ناوی (غايةُ الكلامِ في إِبطالِ عملِ المولدِ والقيامِ) وە دەتوانیت تەماشای تێبینیەکانی بکەیت لەسەر فەرموودەی (مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ) کە لە (سُنَنْ الدّارَقُطني) نووسیوێتی.

٩- زانـای پـایەبەرز (أبو عبد الله محمد الحفار المالكي"**٨١١ک**") کە یەکـێکە لە زانایـانی وڵاتـی مەغریـب، دەفەرمووێـت: (شـەوی مەولـود پێشـینە چاکەکانمـان "کە مەبەسـتمان پێـی ئەسحابە و تابیعینەکانە" تیایدا کۆ نەدەبوونەوە بۆ خواپەرستی، وە هیچ پەرستنێکیان تیـا ئەنجـام نەداوە زیـاتر لە شـەوەکانی تـر، چـوونکە پێغەمـبەرﷺ هەرگیـز لەوە بە گەورەتر دانانرێت کە لە شەرعدا هاتووە" ناخرێتە پلە و ڕێزی خوایەتیەوە" هەرچەندە بەگەورە زانینـی پێغەمـبەرﷺ یەکـێکە لە هۆکارەکـانی نزیـک بـوونەوە لە خـوا، بەڵام پێویستە تەنیا بەو شێوازانە لە خوا نزیک ببینەوە کە لە شـەرعدا هەیە و زیادەڕەوی تێدانەکەین...) (١)

١٠- زانای کەموێنە و فەرمودەناس (محمد ناصر الدين الالباني"**١٤١٩ک**") دەڵێت: پێویستە نەهی بکرێت لەو کارە و وازی لێبهێنرێت. وە دەفەرموێت باشترین یادکرنەوەی لەدایکبوونی پێغەمبەرﷺ بەڕۆژوو بوونە لە ڕۆژانی دووشەممان‌دا.

١١- زانای پایەبەرز و موفتی ئوممەت (عبد العزيز بن عبدالله بن باز "**١٤٢٠ک**") دەڵێت: ئاهەنگ گێران بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر و هیچ کەسێکی ترەوە درووست نییە، چوونکە بیدعەیە و پێغەمبەرﷺ نەیکردووە.

١٢- زانـــای پـــایەبەرز ( مُحَمَّدُ بْنُ صَالِحِ العُثَيْمِين"**١٤٢١ک**" ) دەفەرمووێـت: هەنـدێک کەس (ئەوشەوە زیندوو دەکەنەوە وەک خۆیان دەڵێن، لە بەر خۆشەویستی پێغەمـبەرﷺ وە دەیانەوێـت یـادی پێغەمـبەرﷺ بەرز ڕابگـرن، ئـێمەش پێیـان دەڵێین: یـاخوا بەخێـربێن ئەگەر پێغەمبەرتـــانﷺ خـــۆش دەوێـــت، یـــاخوا بەخێـــربێن ئەگەر دەتـــانەوێ یـــادی پێغەمـبەرﷺ بەرز ڕابگـرن، بەڵام لێرەدا پێوەرێکمـان هەیە، کە ئەو پێـوەرەش خـوای (أَحْكَمُ الْحَاكِمِين) دایناوە، خۆشویستنی پێغەمبەرﷺ پێوەری تـایبەتی خـۆی هەیە، ئەویش ئەو فەرمایشتەی خوای گەورەیە کە دەفەرمووێت: [قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبون اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ]
واتـا: بێـژە ئێـوە ئەگەر خواتـان خـۆش دەوێ، شـوێن مـن بکەون هەتـا خـواش خۆشی بوێن.

---

١ المعيار المعرب ٧ / ٩٩

جا ئەگەر مرۆڤ ڕاستگۆبێت لەو بانگەشەیەی کە دەیکات و دەڵێت: خوا و پێغەمبەرەکەیم خۆش دەوێتﷺ، دەی با شوێنکەوتەی شەرعەکەی خوا بێت، وە شوێنکەوتەی ئەو دینە بێت کە پێغەمبەرﷺ هێناویتی، ئیتر هەرکەس شوێنکەوتەی ئەو پێغەمبەرەﷺ نەبێت ئەوا بانگەشەکەی درۆیە، چوونکە ئەو پێوەرە پێوەرێکی ڕاست و درووستە، باشە لێرەدا با تەماشا بکەین، ئاهەنگی شەوی لەدایکبوونی پێغەمبەرﷺ کە داهێنراوێکە، ئایا لە شەرعی خوادا هاتووە؟ ئایا پێغەمبەرﷺ ئەنجامی داوە؟ ئایا خولەفای ڕاشیدین کردویانە؟ ئایا ئەسحابەکان و تابیعینەکان کردویانە؟ ئایا تابیعی تابیعیەکان کردویانە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانەش هەمووی، بێگومان نەخێرە! وە هەرکەسێکیش بانگەشەی جگە لەمە دەکات دەبێت بەڵگەی شەرعی پێبێت: [ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ](١) بەڵگەکانتان بێنن گەر ئێوە ڕاست دەکەن.

## کۆتایی

لە کۆتایدا داواکارم لە خوای گەورە کە لەسەر نووسینی ئەم چەند بەڵگەیە پاداشتی خێرمان بداتەوە، وە سوودمەندی بکات بۆ موسڵمانان، چوونکە نییەتمان تەنیا سوود گەیاندنە، وە هیچ ئومێدێکمان نییە جگە لە سۆز و بەزەیی خۆی، دەی خوایە تەنیا خۆت وەڵامی داوکارییەکانمان بدەرەوە، وە کارەکانمان والێبکە کە تەنیا لەبەر ڕەزامەندی خۆت بێت، خوایەگیان هەر خۆت هیدایەتدەرمانیت بۆ سەر ڕێگای ڕاست. وَآخِرُ دَعْوانا أَنْ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ.

(١) البقرة ١١١